# دەزگای بەدرخان سەرۆکی سەنتەری ئەرشیف ورۆژنامەگەری کوردی

# مامۆستا جمالخەزنەدار، لە هانۆڤەر خەلاتکرد



سەرۆکی دەزگای بەدر خان بەرێز حمید بدرخان لەسەفەرێکی دا بۆ ئەوروپا چەندین چالاکی هە مەجۆری ئەنجامدا ،سەرەتا لە ئەلمانیا بەشداری پیشانگای پەرتووکی نێودەولەتی فرانکفۆرتی کرد بە زۆرترین بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگاکەی بریتیبوون لە: پەرتوک،ڕۆژنامە،رۆژنامەی کوردستانی دایک،خەلاتی رێزلێنان ،باجی ڕۆژنامەی کوردستان ومیر مقداد مدحت بدرخان،چەندین پرۆشولی هەمەجۆرلە بابەتی جیاواز،هەر لەم سەفەرەیدا چەندین کەسایەتی ونوسەری ناسراوی کوردی وبیانی ودەزگای چاپەمەنی بیانی ،دیاری و چاپەمەنیەکان وخەلاتی رێزلێنانی بەدرخانی پێ بەخشین کە ئەمەش بوە مایەی دلخۆشییەکی زۆری ئەوانەی ئەم خەلاتەیان پێ بەخشرا،لەدرێژەی سەفەرەکەیدا سەردانی سوید وفنلند اوچەندین شاری ئەلمانیای کردو لەنزیکەوە چاوی کەوت بە چەندین نووسەروهونەر مەندوکەسایەتیە دیارەکانی کورد کە ساڵە هایە لە تاراوگەدا دەژین،لەدوا ویستگەی دا شاری هانۆڤەر بووکە لەلایەن سەنتەری ئەرشیف وڕۆژنامەگەری کوردی کۆرێکی بۆ ئامادەکرا.

لە ریکەوتی 2007،11،4دا کات شەشی ئێوارە لە شاری هانۆڤەر سەرۆکی دەزگای بەدرخان کۆرێکی سەبارەت بە رەوشی ڕۆژنامەگەری لەکوردستان وکارەکانی دەزگای بەدرخان پێش کەشکرد،سەرەتا باسی چۆنیەتی سەرەتای دامەزراندنی دەزگاکەی کردوو،هەروەها باسی بەرهەمە چاپکراوەکانی ،باری دارایی وچۆنییەتی بەرێیوە چوونی دەزگاکەوکارمەندەکان وپەیوەندی لەگەل دەزگاکانی تر وچەندین پرسیاریتر زۆرترین پرسیارەکانی وەلامدایەوە،گفتوگۆیەکی برایانە لە نێوان سەرۆکی دەزگاو ئامادەبوان بەرێوە چوو، پرۆفیسۆر جەمال نەبەز لە بەرلینەوە هاتبوو ئامادەی کۆرەکەبوو،هەندێک لەوەلامەکانی حمید بدرخان کەگووتی:" تا ئێستا چوار ڤیستیڤالی بەدرخانمان ئەنجام داوە لە سالوەگەری ڕۆژنامەگەری کوردیدا لە شارەکانی ،سلێمانی،دهۆک، هەولێر ،بەرلین پارەی ڤیستیڤالەکە حکومەتی هەرێم دەمان داتێ،لە ئەنجامی ئەم چالاکیانەبوو شازادە سینەم بەدرخان نازناوی بەدرخانی پێ بەخشیم،ئێمە لە بەدرخان خۆبەخشانە کاردەکەین،وەکو ڕۆژنامەکانی تر نوسینگەمان هەیە،ریکلام دەکەین، .............هتد چەندین لایەنی تر وپرسیاری تری بۆ ئامادەبوان روون کردەوە،لە میانەی قسەکانی دا ماندوبونێکی زۆر ی پێوە دیاربوو کە بەدرێژی ئە وماوەیەی کاری کردووە لە دەزگاکەی، لە کۆتایی سمینارەکەدا خەلاتی بەدرخانی بەخشی بەبەرێز مامۆستا جەمال خەزنەدارسەرۆکی سەنتەری ئەرشیف وڕۆژنامەگەری کوردی لە هانۆڤەر.

یوسف مەنتک /هانۆڤەر /ئەلمانیا